# خۆم و بێرییەکەم

فەخرەدین تاهیر

پێتان سەیر نەبێت ، ئەگەر ببێژم لە کوردستانەکەی لە مەڕ خۆماندا ، هەموو شتێک بە چاوێکی سەیر سەرنج دەدرێت، یانیش بەعەیبە رێی هەموو شتێکت لێ دەگیرێت ، کە نابێت ئەوە بکەی و ئەم جۆرە جلوبەرگە بپۆشیت ، کە لە وڵاتی ئێمەدا باو نییە ، یان چۆن دەبێت کورد ئەم جۆرە جلو بەرگانە لەبەر خۆی بکات، کە لە کوردەواری خۆماندا لەبەر ناکرێن. هەنوکە من بەباشی نازانم ئاماژە بەم هەموو شتە نابەجێیانە بدەم ،کە باس کردنیان لێرەدا جێی نابێتەوە.
من ئیمساڵ نزیکەی حەوت مانگێک لە کوردستان لە شاری هەولێر مامەوە ، بێرییە ڕەشەکەی سەرم زۆر جاران گرفتی بۆ دروست دەکردم و هەندێک جاریش تووشی حاڵەتی سەیر و سەر
سوڕهێنەری کردووم، و زۆرجار لەبەر خۆمەوە بیرم دەکردەوە و دەمگوت : ( پێویستە خۆ لە بێرییەکەم دەرباز بکەم، بۆ ئەوەی چیدیکە تووشی ئەم جۆرە حاڵەتانە نەبمەوە، چونکە هەندێک حاڵەت هەبوون سەر ئێشەی بۆ دروست دەکردم و ئەو کەسەی ڕوو بە ڕووم دەبۆوە لێم تێنەدەگەیشت یان نەیدەویست لێم تێبگات). هەوڵدەدەم لەم نووسینەمدا هەندێک حاڵەتی سەیر و سەمەرەتان بۆ بگێڕمەوە کە بەهۆی لەسەرنانی بێرییە ڕەشەکەم چ لە شەقامی هەولێر یان لە جێیە گشتییەکان یانیش لە نێو تاکسی لەگەڵ شوفێرەکاندا ڕوو بە ڕووی حاڵەتی سەیر و پرسیارگەلێک دەبوومەوە ، وەک هەولێریی دەڵێن: ( لە قووتی هیچ عەتاران دا نەبوو ).
بەرلەوەی چەند حاڵەتێکتان بۆ بگێڕمەوە کە لە هەولێریٚ دەربارەی بێرییەکەم ڕوویان دا. باشتروایە لە دەستپێکدا ناوی بێرییە لە کوێوە هاتووە شرۆڤە بکەم.
بێری یان بێرییە : پەیڤێکی لاتینی کۆنە و لە دەستپێکدا تا ئەو شوێنەی من ئاگاداربم لە فەرەنسادا ئەو ناوە سەریهەڵداوەو لەوێوە بەوڵات و شوێنی جیا جیای دونیا بڵاوبۆتەوە. هەڵبەتە وڵاتی ئێمەش لەم ناوە بێ بەش نەبووە، تا هەنوکەش لە کوردستان بێرییە بۆ ئەم جۆرە کڵاوە بەکار دەهێنرێت ، کە پۆلیس و سەرباز لەسەری دەکەن.
بێگومان هەروەک لە دەستپێکیشدا ئاماژەم پێدا ، ئەو حاڵەتە سەیر و سەرسوڕهێنەرانەی بە دەست ئەم بێرییەی سەرمەوە تووشی بووم، هەر چەندە حاڵەتەکان ئێجگار زۆرن ، بەڵام هەوڵدەدەم لە چەند خاڵێکدا ڕوونیان بکەمەوە.

* لە فیستیڤاڵی کورتە فیلم دا ، کە لە هەولێر ساز کرا ، ڕۆژێکیان تۆزێک لە کاتی نیشاندانی فیلمەکاندا دواکەوتبووم، و لەسەر سەکۆی نزیک شەقامی بەر ماڵمان لە چاوەڕوانی تاکسیدا بووم، لەپڕ تاکسییێکی شەق و شڕم لێ پەیدا بوو ، شوفێرێکی سمێڵ ئەستووری قەڵەوی تێدا بوو ، مرۆڤ لە نیوەشەو دا چاوی پێ بکەوتایە زەندەقی دەچوو. قەدەر وابوو دەبوایە هاوسەفەری ئەو شوفێرە بم تا هۆڵی گەل، لەگەڵ کاکی شوفێر بەرێکەوتم، هەرکە پێی لەسەر بەنزین هەڵگرت و گێرەکەی گۆڕی و لەگەڵ مندا کەوتە ئاخاوتن و وتی : مامۆستا دەرێی عەجەلەتە ، واپێدەچێت لە مەرکەز شورتەی گەڕەکی ئیسکان خەفەر بیت...؟
ئەمنیش لەسەرخۆ بەبێ تاقەتی سەرم وەرسوڕانت و وەڵامم دایەوە و وتم : کاکی شوفێر خەفەری چی ، ئەتوو باسی چ دەکەی..؟
کاکی شوفێر تەماشایەکی کردم و زۆر بێباکانە وتی : مامۆستا لۆ ئەتوو زابت شورتە نیت لە مەرکەزی ئیسکان..؟ خودا دەزانیت زابتێکی لێیە هەر دەرێی ئەتووی ، ماشاڵلا گەلەک بە توو دەچیت ، ئێ خۆ مامۆستا بێرییە ڕەشەکەی سەرت و ئەو جلوبەرگەی بەرتان هەر دەرێی زابت شورتەی ئەوێندەرێی ، ببوورە مامۆستا ئەگەر غەرەت بم عەفووم بکە ،( سەرێکی لێبادەم ) کورە مامۆستا دونیا گۆڕایە گۆڕا ، کەس ئەوڕۆکە وەک جاران نەمایە، جلوبەرگی کوردەواری قەدر و قیمەتی جارانی نییە. دوباری دەکەمەوە مامۆستا عەفووم بکە، مەخسەدم جەنابتان نییە. لەو قسانە دابووین گەیشتینە بەر دەرگای هۆڵی گەل ، هەزار و پێنجسەد دینارم خستە ناو مستی ،کاکی شوفێر هاتە وەڵام و گوتی : کورە لۆ ڕایی خودای با لە حیسابی من بیت ، منیش پێم گوت : نەخێر زۆر سوپاس بۆ قسە خۆشەکانت و خودا حافیزیم لێکرد و ئەویش بە زەردەخەنەیەکی سەیر ماڵئاویی لێکردم و کورە مامۆستا درت عێدز نەبیت و پێی لە بەنزین ناو بۆی دەرچوو.

** هاوڕێیەکی خۆشەویستم شەوێک لە شەوەکانی زستانی هەولێر ، تەلەفۆنێکی بۆ کردم، دوای چاک و چۆنی ، داوای لێکردم دەمژمێری(9) ی شەو لە یانەی مامۆستایاندا یەکتری ببینین. منیش لەسەر سۆزی خۆم بووم و ڕووم لە

شوێنی مەبەست کرد. هەر کە گەیشتمە ئەوێ ، ئەو کەسەی لە پرسگەی یانەکەدا دانیشتبوو ، بە شێوازێکی نابەجێ و دوور لە ئەتەکێت و هەڵسوکەوتی ناشارستانی ڕووی تێکردم و وتی : ها کوڕە ئەو بێرییە چییە لەسەرت ناوە..؟ ، نازانی قەدەغەیە ، هەنوکە لەوانەیە سێ چوار ئەفسەری پۆلیس لە یانەدا بە جلوبەرگی مەدەنی دانیشتبن، ئەتووی ببینن کە کەسێکی مەدەنیت کڵاوی دەوڵەتت لەسەرخۆ کردووە، لەوانەیە من تووشی لێپرسینەوە ببم. خۆت دەزانیت ئەو جۆرە جلو بەرگانە لە وڵاتی ئێمەدا نایخوات. تا ئەو کڵاوەی لەسەرت دانەکەنی ، پێچکەت ناچێتە ژوورەوە. قسەیەک لەمن دوو قسە لەو ، لەپڕ برادەرێکم لێ پەیدا بوو ، کابرای پرسگەکەی لە من دوورخستەوەو تێی گەیاند ، کابرا لێم نزیک کەوتەوە و وتی : مامۆستا ببوورە ئێمەیان وا فێرکردووە،جارێ کاتمان زۆر گەرەکە، تا خۆ دەگۆڕین. منیش لە وەڵامدا وتم نەخێر برا لەوانەیە من پێویستم بەوە بێ ، وەک ئێوەم لێبێتەوە،چونکە دوای (14) ساڵ ئازادی کوردستان ، دامودەزگا پەیوەندیدارەکان نەیانتوانیوە کارێکی وابکەن ، چۆن چۆنی کۆمەڵگەی کوردەواریش ڕوو لە گۆڕران بکات و سەردەمیانە ژیانی خۆی لە گەڵ ڕۆژگاری ئەمڕۆکەماندا بگونجێنێت. هەرچەندە بەپلەی یەکەم وەزیفەی مێدیای کوردییە ئەم کارە گرنگ و بەرچاوە بخاتە ئەستۆی خۆی، کە هەتا ئێستاکە لە ئەستۆی خۆی نەگرتووە، ئێستاکەش درەنگ نییە و زووە، ئەگەر کار بۆ هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگەکە بکات کە زۆر پێویستە. کابرای پرسگەکە بەپێکەنینەوە وتی : ئەی ئافەرین مامۆستا بەڕاستی قسەکانت لە جێی خۆیدا بوو، بەڵام خۆت دەزانی زۆری گەرەکە تا ئێمە مانان گۆڕرانمان بەسەر دادێت، وانییە مامۆستا ... ؟ هەر خۆی درێژەی بە قسەکانی داو و لەسەری بەردەوام بوو، لەو حاڵەتەدا هەوڵبدە ئەتوو خەمەکی لە خۆت بخۆ. دەوجا کەرەمکە بڕۆ ژوورێ بەخێربێی سەر چاوان، مامۆستا لە کەم وکوڕیشمان ببوورە.

من چارێگە سەعاتێک زێدەتر بوو ، قسەم بۆ کابرای پرسگەکە دەکرد، کەچی واپێدەچوو گوێزی بۆ دەژمێرم ، ناچار خوا حافیزیم لێکرد و لە یانەی مامۆستایان بە ژوور کەوتم.

*** دەم و ئێوارەیەک لە نزیک گازینۆی مەچکۆ لە هەولێر لەگەڵ هاوڕێیەکەم بڕیاربوو یەکتری ببینین. هەر چەندە ئێمە ماڵمان لە سەنتەری شاری هەولێر زۆر نزیکە ، بەڵام لەبەر گەرمای هاوینی هەولێر پیاوم دەوێت بتوانێت لەسەر شەقامەکانیدا گوزەر بکات. بەناچاری بە تاکسییێک ڕووم لە شوێنی مەبەست کرد و لەبەر قەڵەباڵغی نێو شار لە نزیک چێشتخانەی تاجریان لە تاکسییەکە دابەزیم و ڕووم لەلای دەستەچەپی شەقامەکە کرد و پەڕیمەوە ، بە دەنگێکی بەرز یەکێک لە دواوە بانگی دەکردم، دەنگەکە لەلام غەریب نەبوو، کە ئاوڕم لێدایەوە ، تەماشام کرد ، وەستا عەبدۆک فیتەر بوو.

فەخرەدین گیان بە قوربان ئەوە کەی گەڕایەوە، دەرفەتی پێنەدەم وورتەم لە دەم بێتە دەرەوە و لەسەر قسەکردنی خۆی بەردەوام بوو ، باشە باش ، ئەگەر نیازی گەڕانەوەت هەبوو ، لەبەرچی ئەو وەزیفەیەت وەردەگرت..؟

منیش هەر زوو تێگەیشتم وەستاعەبدۆک فیتەر (1) بە هەڵەدا چووە ، لێم پرسی کاکە عەبدۆک باسی چ دەکەی هەی سەلامەت بیت..؟

کاکە عەبدۆک فیتەر بە زەردەخەنەیەکەوە، وتی : ئەوە نییە بوویە پۆلیس.

منیش بە پێکەنینەوە، وەڵامم دایەوە : وەستا گیان هەر لەبەر ئەوەی ئەم بێرییەم لەسەر ناوە، بوومەتە پۆلیس...؟ خەمت نەبێت نابمە پۆلیس، من کە ڕقی ئەستوورم لە نووسەری پۆلیس بێت، چۆن ڕێ بە خۆم دەدەم ببمە پۆلیسی راستەقینە. کاکە عەبدۆکی بەڕێز، مەبەستم لەو پۆلیسانەیە کە زەبروزەنگ بەرپا دەکەن و دەبنە مرۆڤی دڕندە، نەک پۆلیسی نۆرماڵ کە بۆ بژێوی ژیان ڕوو لەو جۆرە وەزیفانە دەکەن.

کاکە عەبدۆک لە وەڵامدا ، وتی : ئەرێ وەڵڵا لەبەر ئەو بێرییەی سەرت بوو، وا بە هەڵەت بردم هەی خوا سەلامەتت کات، منیش پێم گوت : ئەم ڕووداوە بە وتارێک دەنووسمەوە، بەپێکەنینەوە دەستی لەملم کرد و خوا حافیزی لێکردم.

ئەوەشیان بەشێکی ئێجگار کەمی بەسەرهاتی خۆم و بێرییەکەم بوو لە هەولێری پایەتەختدا.

ستۆکهۆلم 03.08.2005

fakhradintahir@hotmail.com

---

(1) : وەستا عەبدۆک فیتەر کوڕە خاڵی  هەندێک لە کوڕە مامەکانمە ، مرۆڤێکی بەڕێزو خزم دۆستە و پیاوێکی خانەدان و خۆشەویستە لەلام.